www.kurdistannet.org
7-7-2006 10:48:12 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# گەندەڵی و ئێمەی کورد... عەتای مەلا کەریم

ئەوانەی کە لە دژی درندەکان دەجەنگن دەبێت زۆر وریا بن کە خۆیشیان نەبن بە درندە.
Lou) Marinoff, The Big Questions)

گەندەڵی Corruption گەلێک شێوەو جۆری جیاوازی هەیە وەک گەندەڵی سیاسی، گەندەڵی ئابوری، گەندەڵی پۆلیس و دەزگا دەوڵەتییەکان و گەندەڵی کۆمپانیاو دامەزراوە گەورەکان کە بە تاوانی کۆمپانیاکان ناسراوە. لەم نێوەندەدا مەبەست لە گەندەڵی خراپبەکارهێنان یان قۆزتنەوەی هەلومەرج و خزمەتێکە کە لە بنەڕەتدا بۆ بەرژەوەندی گشتییە، بۆ بەرژەوەندی تایبەتی تاکێک یان گروپێک کە وادەکات ئەو سەرمایەو داهاتەی کە موڵکی گشتییە ببێت بە دەستکەوتی تاکەکەس یان گروپێکی دیاریکراو یان پارتێکی سیاسی. یاخود ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی کە پێویستە لە خزمەتی بەرژەوەندی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکدا بێت تەنها بۆ خزمەتی کەسێک یان کەسانێکی کەم هەڵدەسورێت. لەپێناوی بەرژەوەندی تەسکی تاکەکەس، گروپ (کوتلە) یان پارتێکی سیاسیدا بەرژەوەندی گشتی ژێرپێ دەخرێت و لەوەش زیاتر خەڵکەکە دەکرێت بە سوتەمەنی بەرژەوەندی تەسکی ئەوان. یاخود ئەو پۆلیس و کارمەندانەی کە وەهایان لێچاوەڕوان دەکرێت کە پارێزەری بەرژەوەندی گشتی بن یاساو دەسەڵاتی خۆیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەقۆزنەوەو بەرتیل و واسیتەو خزمە خزمە دەچێتە جێگای یاساو سیستەم و دادو، بێدادی و پاشاگەردانی دروست دەبێت.

گەندەڵی تا ڕادەیەک دەتوانیین بڵێین لە هەموو شوێنێک هەیە، واتە لەهەر شوێنێک مرۆڤ هەبێت بەرژەوەندی تایبەت و خۆپەرستی بەدی دەکرێت یان هەرنەبێت ناو بەناو سەرهەڵدەدات؛ بەگوێرەی ئەو هەلومەرجەی کە بۆیان ڕەخساوە. لە وڵاتە خۆرئاواییە پێشکەوتووەکاندا میدیاکان وەک هەڵۆ بەدوای گەندەڵی دامودەزگا دەوڵەتیەکان، پارتە سیاسیەکان و کومپانیا گەورەکاندا دەگەڕێن و وەک دەڵێن کێچێک دەکرێتە گایەک. ئەمەش دیارە بەڵگەو سەلماندنی دەوێت و هەروا بە سادەیی ناتوانیت تاوان و لەکەی گەندەڵی بدەیتە پاڵ کەسێک یان پارتێک یان گروپێک. لێرەدا هەموو شتێک بەرەو ڕوی دادگا دەبێتەوەو دادگاش دەبێت سەربەخۆو بێلایەن بێت. واتە کەسێکی سیاسی ناتوانێت بە دادگا بڵێت: ئاگات لێم بێت! یان بڵێت فلانە کەس سەر بە خۆمانە خاتری بگرە. پێویستە ئەوەش بوترێت کە خەڵکی ئەو وڵاتانەش ( یان ڕونتر بڵێین بەریتانیا کە خۆم زیاتر ئاگادارم) وڵاتەکەی خۆیان بە شامی شەریف نازانن و بەردەوام گلەیی و ڕەخنەیان هەیە لە سیستەمی سیاسی و ئابوری دەوڵەتەکەیان و هەڵسوکەوتی کەسایەتییە سیاسییەکان. ئەمەش نیشانەی زیندویی ئەو کۆمەڵگایەیەو نیشانەی هوشیاری خەڵکەکەیەتی کە نایانەوێت کەس بە گەندەڵی ببێت بە فیرعەون بەسەریانەوە. لەهەمانکاتیشدا

نیشانەی سەروەری یاسایە کە بەڕاستی و بەبێ ئەملاو ئەولا دەبێت وا بێت ئەگینا ئەویش دەچێتە خانی گەندەڵییەوە، کە ئەمەیان پێدەچێت زۆر ترسناک بێت و وەک کورد دەڵێت: هەر شتێک نەمانەوێت بۆگەن بکات خوێی پێدەکەین، ئەی کە خوێ بۆگەنی کرد چی بکەین!؟ لەو ماوەیەدا کە من لە بەریتانیا دەژیم چەندەها جار گەندەڵی سیاسی و ئابوری ئاشکرا کراوەو لە میدیاکاندا بە دورودرێژی باسیانکراوە. کەسانی پایەبەرز دراونە دادگا وەک سەرەک وەزیران لەسەر خۆ کوشتنی زانایەکی بەرزی دەوڵەت بە هۆی جەنگی عێراق و مەسەلەی چەکە کۆکوژەکانەوە. خێزانی سەرەک وەزیران لەسەر کڕینی خانوو شوقە لە شاری بریستڵ و قایمقامی ئەو شارەی کە من لێی دەژیم لەسەر بازرگانی کردن کە لە ئەنجامدا لە پۆستەکەی لابرا هەروەها گەندەڵی سیستمی پەنابەری و کۆچ لە بەریتانیا کە هەتا ئێستا هێشتا لە لێکۆڵینەوەدایەو لەسەر ئەوە وەزیرێک و چەندەها کارمەندی پایە بەرزی دەوڵەت لە پۆستەکانیان لابراون...هتد ئەو کێشانە لەدادگادا بڕیاریان لەسەر دەدرێت و بڕیاری دادگاش تەنها بە دادگایەکی بەرزتر هەڵدەوەشێتەوە، ئەگینا یەکلاکەرەوەیە. پێویستیشە ئەوە بڵێین کە پیاوانی گەورەو دەسەڵاتدارو دەوڵەمەندە گەورەکان، لە هەموو شوێنێک، هەموو توانایماڵی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ بەرگری لەخۆیان و باشترین پارێزەر دەگرن و باشترین بەرگری لەخۆیان دەکەن. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە لێرە خەڵکیی ناهێڵن کەس ببێتە فیرعەون بەسەریانەوەو کەس تا سەر بە خەستی نایخوات؛ بەڵکو لەزۆربەی باردا ئەو پارەو موڵک و سەرمایەیەی کە بەوجۆرە کۆی کردۆتەوە بە مۆڵی دەبێتە موڵکی دەوڵەت.

پێدەچێت گەندەڵی و تاوان بەگشتی لە وڵاتە پیشەسازییە گەورەکاندا خرابێتە ژێر کۆنترۆڵەوە و کاتێکیش ڕودەدات ئەوا میدیاکان وەک مژدەی قلیقۆچ دەیکەنە سەردێڕی هەواڵەکانیان؛ کە ئەمە نیشانەی ئەوەیە شتێکی چاوەڕوانکراو نییەو خەڵک حەز بە بیستنی ئەو هەواڵە و ئاشکرابوونی ئەو تاوانە دەکەن و دەیدەنەوە بە بەرچاوی ئەو کەسانەدا کە لە هەڵبژاردندا متمانەی خۆیان داوە پێیان کە پێیان بڵێن: ئاها چۆنن! یان کەسانێکی چۆنتان لەنێودایە.

گەندەڵی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازەو ئێمە ناکرێت باسی هەموو گەندەڵییەکانی ئەم جیهانە پان و بەرینە بکەین. بەڵام دەتوانین بڵێین کە لەهەر شوێنێک ئارامی و سەقامگیری سیاسی و ئابوری هەبێت و دیموکراسییەت بەرقەرار بێت بەهەمان پێوودانگ گەندەڵیش کەمدەبێتەوە.

وەک لە ماڵپەڕو ڕۆژنامە ئەلکترۆنی و چاپکراوەکان و بەرنامە تەلەفیزیۆنییەکان و هەواڵ وباسی کوردستاندا دەردەکەوێت، لە کوردستان هەموو ئەو گەندەڵییانە بەدی دەکرێن، بە ڕێژەی جیاجیا. گەندەڵی لە کوردستان شتێکی نامۆ نییە، چونکە کوردستان هەرگیز دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نەبووە و هەمیشە لە پاشاگەردانی سیاسیدا بووە. ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەش کە کراون زۆربەیان تەمەنیان کورت بووەو ئەو کەسانەش کە بوونە کاربەدەست دوای نشوستی هێنانی بزوتنەوەکە ئەگەر وەک خەڵک دەڵێن خۆی پێ نەگرتبێت و گیرفانی

خۆی پێ دەوڵەمەند نەکردبێت و کەسوکاری پێ مڕ نەکردبێت ئەوا تا ڕادەیەک بە گێل و بە ساویلکەو بە نەزان دراوەتە قەڵەم. نوسەری تورک عەزیز نەسین ئەڵێت: خەڵک ڕێزی ئەو کەسانە دەگرن کە پارەو سەرمایەیان هەیە، بەڵام هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە کە چۆنیان پەیدا کردووە.
لە کوردستان بە تایبەتی هەتا سەدام لەسەر حوکم مابوو، نە خەڵک و نە لێپرسراوە سیاسییەکان متمانەی تەواویان بەو هەلومەرجە نەبوو. بێجگە لە شەڕی ناوخۆی خوێناوی هەمیشە مۆتەکەی گەڕانەوەی بەعس و لەدەستچونی ئەو ئەزمونە؛ هەر وەک خۆمان ناومان ناوە! بەسەر سەرمانەوە بوو. زۆر کەس کە دەستی بگەیشتایەتە پلەیەکی لێپرسراوی هەر لەیەکەم ڕۆژەوە گەندەڵی دەکردە ئامانجی سەرەکی خۆی و پێدەچێت گەر وای نەکردایە مەترسی ئەوەی هەبوو کە لەلایەن دەوروبەرەکەیەوە وەک نەزان و ناحاڵی چاوی لێبکرایە. ئەو کەسە بە تەنها نەیدەتوانی هەڵبکات و یان وەک لای خۆمان دەڵێن بیخوات، دەبوایە سەر بە گروپێک (کوتلەیەک) بوایە و تا کوتلەکەی بەدەسەڵات ترو گەندەڵتر بوایە شوێنی ئەو چەسپاو ترو جێگیرتر دەبوو.
ئەمە بێجگە لە خەباتی پارتە سیاسییە جیاوازەکان بۆ بەدەستهێنای هەرچی زیاتری پارە، چەک و خەڵک بۆ پارتەکەیان لە پێناوی پتەوکردنی بەرەی دژایەتی لایەنەکانی دیکە لە هەر شەڕێکی ناوخۆی چاوەڕوانکراودا.
ئەوەی کە زۆر جێگای سەرنجە لە دوای ڕوخانی سەدام و کپ بوونی شەڕی ناوخۆو ئەو هەموو ماوە دورودرێژە لە گەندەڵی ئەو بەڕێزانە هەر تێریان نەخواردووە. ئەوانەی کە لە ساڵی 1992دا دەیانووت: بردی، خواردی، هەمووی لەسەر خۆی و خزمەکانی تاپۆکرد... هتد ئێستاش لە 2006 دا هەر وایان پێدەڵێن. جا نازانم مەسەلەکە ئەوەیە کە تێر ناخۆن، یان کوتلەی بەرانبەر بۆ شاردنەوەی گەندەڵییە گەورەترە سیاسی و کارگێڕی و ئابورییەکانی خۆیان مەسەلەکەیان لەسەر دەوروژێنن و خەڵکەکەش هەر بەوان دەوێرێت یان هۆکاری دیکەی هەیە. ئایا ئەو پارت یان لایەنە سیاسییە ئەگەر تا بینەقاقای لە گەندەڵیدا نوقوم نەبوبێت یان ئەگەر ئەو کەسە گەندەڵە گەندەڵی گەورەتری بۆ حەشار نەدابن چۆن لێی قبوڵ دەکەن و ناووناوبانگی خۆیانی پێدەزڕێنن.
گەلی کورد پێدەچێت یەکەم نەتەوە بێت لە جیهاندا کە زۆرترین قوربانی دابێت لەپێناوی ئازادیدا، گەلێکە تاڵاوی ئەنفال و کیمیاوی و هەرچی زوڵم و ستەمە لە دەرونیدایە. ئەو زوڵم و ستەمەی کە ڕژێمی بەعس لە کوردستاندا کردویەتی بیۆێنەیە، بەشی دەیان نامەی ماستەرو دوکتۆرا دەکات. توێژینەوەی تێرو تەسەلی پێویستەو دەکرێت بکرێتە بابەتی هەزاران فیلم و بەرهەمی سینەمایی. ئەو خەڵکە هەقیانە ناز بەسەر لێپرسراوانەوە بکەن، هەقیانە بڵێن ئێمە ڕاپەڕینمان کردووە، ئێمە ئێوەمان لە ئێران و توران و هەندەرانەوە هێنایەوە بۆ بەرقەراربوونی

یاساو بۆ دادپەروەری نەک بۆ گەندەڵی. هەقیانە بڵێن ئەم دەستکەوتانە بەرهەمی خوێنی ڕۆڵەکانمانە چ ئەوانەی کە شەهید بوون و چ ئەوانەش کە بە نیوە شەهیدی دەرباز بوون.

پێشمەرگە چەندەها ساڵە خەباتی کردووە، زۆربەی پێشمەرگە دێرینەکان لە ئەنجامی تاڵاوی سەرماو برسێتی و ئەرکی سەختەوە هەر بە گەنجی دوچاری نەخۆشی کوشندەی وەک دڵ بوون و سەریان نایەوە. زیندانیانی سیاسی لەسەر ئەو نەتەوەیەو لەپێناوی ئەو ڕۆژەدا هەموو جۆرە ئەشکەنجەو ئازارێکیان قوبوڵ کردووە. دایک و کەسوکاری شەهیدان و پێشمەرگە سوکایەتیان پێکراوە و تووشی دەربەدەری بوون. ئەنفال و هەڵەبجەش پێویست ناکات من هیچیان لەسەر بڵێم چونکە هەموان ئاگادارین.

ئەمانە ڕاستین و ناکرێت هەروا بە ئاسانی چاوپۆشییان لێبکەین. ئەو خەڵکانەی کە باسکران و ئەوانەی دیکەش کە ئەو هەلومەرجانە دەیانگرێتەوە پێویستیان بە پاداشت و قەرەبوو هەبوو کاتێک کورد گەیشت بە دەسەڵات. بەداخەوە ئەو قەرەبوو ستایشە چووە گیرفانی چەند دەستەو تاقمێکەوە و ماستاوچێتی بوو بە باشترین تەزکییە.

کەسێک لە ڕۆژانی سەختدا خەباتی کردووە، ئازاری کێشاوە، دەربەدەر بوە لەسەر کێشەی کورد وسوکایەتی پێکراوە، ئەگەر پاداشت بدرێتەوە بە پارە یان بە زەوی و موڵک ئەوە ئاساییە. ئەگەر لە خەڵکی دیکە ژیانی باشتر بێت یان موچەی زیاتر بێت یان کارەبای کەمتر ببڕێت ئەوە هەر مافی خۆیەتی. بەڵام ئەی ئەگەر تاقمێک لەباتی هەموویان بوون بە فیرعەون و ووتیان ئێوە ئێمە دروستمان کردون، هەرواش دەتوانین لەناوتان بەرین. ئەی ئەگەر دەستکەوتی میللەتێکیان بۆ ماوەی 15 ساڵ لووشداو هەر ووتیان بێنە. ئەی ئەگەر بە هەڕەشەو بە کردار دژایەتی هەموو ئەو کەسانەیان کرد کە ڕەخنەیان لێدەگرن یان نهێنییەکانی گەندەڵییەکەیان ئاشکرا دەکەن؛ ئەوە کێشەی کوردستانە.

کوردستان ئەگەر بیەوێت هەرگیز ببێتە کۆمەڵگایەکی مەدەنی و لە گەندەڵی ڕزگاری ببێت پێویستە:

- کاروباری دەوڵەت و حیزب لەیەک جودا بکاتەوە و وەک هەمیشە دەوترێت و ناکرێت [کەسانی شیاو بخرێنە شوێنی شیاو]. کەسێک کە دەبێتە پۆلیس، پەرستیار، مامۆستا یان کارمەندی شارەوانی ناچارنەبێت بچێت ئیمزا بکات بۆ حیزب یان ئینتیما بکات، کە ئەمە نەریتی بەعسەو بۆمان ماوەتەوە، بەڵکو بە پێوەری ڕادەی دڵسۆزی بۆ کارەکەی هەڵبسەنگێنرێت. هەموو هاوڵاتییەکی کوردستان دڵسۆزە ئەگەر لەدادگادا پێچەوانەی ئەوەی لەسەر نەسەلمابێت.
- کەسانێک کە بۆ پۆستێک دادەنرێن بەگوێرەی شیاوییان بۆ ئەو پۆستە هەڵبسەنگێنرێن نەک بەگوێرەی ئەوەی کە چەندەی خەبات کردووە یان چەندەی خەڵک لەدواوەیە یان ناسیاوی کێیە یان چەندە دەستی ڕاستە لە نیشان پێکاندا.

- ئەوانەی کە خەباتیان کردوە بۆ کوردستان و بۆ ڕزگاری کوردستان بەبێ جیاوازی و واسیتەو ماستاو قەرەبوو بکرێنەوەو دڵنەوایی بکرێنەوە. بەڵام نەک بە پۆست و بە پلەی سیاسی و ئیداری بەڵکو بە ماڵ و موڵک و پارە و دابینکردنی بژێوی شیاو. دەتوانرێت کار ئاسانی زۆریان بۆ بکرێت وەک هەندێک خزمەت بە خۆڕایی بێت بۆیان یان لە ڕۆژانی یادی ڕاپەڕین و بۆنە نیشتمانییەکاندا نمایشیان بۆ سازبکرێت و بەگوێرەی پلەیان مەدالیاو ئارمی جیاواز بکەن بە بەرۆکیانەوە، هەر وەک جەنگاوەرە دێرینەکانی وڵاتانی ئەوروپی و خۆرئاوا. بەڵام هەرگیز ئەوە پاساوی ئەوەنادات کە چەند کەسێکی کەم بکرێنە دیکتاتۆرو زاڵم بەسەر خەڵکەوەو ڕێگای سەرپێچی یاساییان پێبدرێت و بکرێنە بکوژ و بڕی ئەو خەڵکە.
- کاتێک کەسێک لە پۆستێکی بەرز دادەبەزێنرێت حسابی ئەوەی بۆبکرێت کە ئەگەر وەک خانەنشینیش بێت دەبێت بەرەڵای ناوبازاڕ نەکرێت و خەڵک بڵێن ترۆ بووە، بەڵکو دەبێت ژیان و گوزەران و ئەمنیەتی بپارێزرێت. بۆ ئەوەی کاتێک کەسێک دەگاتە پۆستێک پەلەی ئەوەی نەبێت کە گیرفانی خۆی پڕبکات و دڵی خزم و عەشرەت بکاتە خۆی بە گەندەڵی وەک بەرگرییەکی چاوەڕوانکراو بۆ ئەو ڕۆژەی کە لادەبرێت.
- پارتە سیاسییەکان بە خۆیاندا بچنەوەو چاکسازی ڕاستەقینە لەڕیزەکانیاندا بکەن و ببنە پارتی سیاسی ئەم سەردەمە نەک هەر وەک گەریلای شاخی بمێننەوە؛ کە دیارە ئەوەش پێویستی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی بوەو ئێستا پێدەچێت پێویستییەکانی مانەوەی نەمابێت.
- دادگا ببێتە بەرزترین دەسەڵاتی بێلایەن و هەموو ململانێیەک بەرەو ڕوی دادوەر بکرێتەوەو بڕیاری دادگاش تەنها بە تێهەڵچونەوە بۆ دادگایەکی بەرزتر هەڵبوەشێتەوە ئەگینا دوا بڕیار دەبێت لەسەر ئەو کێشانە؛ جا ئیتر لەگەڵ کەسێکی ئاسایی بێت یان کارمەندو کاربەدەستێکی گەورەی دەوڵەت.

ئەم لیستە گشتگیر نییەو دەکرێت گەلێک شتی دیکەی بۆ زیاد بکرێت و پەرچڤەی زیاتری بۆ بکرێت.

گەلێک کەس و لایەن بەبەردەوامی یان ناو بەناو لەسەر گەندەلی دەسەڵاتی کوردی دەنوسن. بەبڕوای من ئەوانە زۆربەیان دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن بکرێن:

- o ئەوانەی کە سەر بە لایەنێکی سیاسین و لەجیاتی شەڕەتفەنگی جاران ئەمڕۆ پەنایان بردۆتە بەر شەڕە دەنوک و نوسین لەسەر کەسانی بەرانبەر بە مەبەستی شکاندنی ئەوان وەک سەنگەر لێگرتنێک بۆ بەرژەوەندی تایبەتی حیزبەکەیان ، یان بە ئومێدی ئەوەی کە دوژمن بۆ دوژمنەکەیان زیاد بکەن، یان بۆ ئەوەی گەندەڵی و عەیبەکانی

خۆیان بشارنەوە، یان پادداشت بکرێن، یان هەر دەمیان وا ڕاهاتووە و تازە سەختە بیگۆڕن. ڕەخنەی ئەمانە، ئەگەرچی ڕاستیش بێت هیچ جۆرە چاکسازی و بەرەوپێشچونێکی بەدوادا نایەت و بگرە کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات چونکە بە نیازێکی پاکەوە نییە و بگرە دەبێتە هۆی خۆئامادەکردنی زیاتری پارتە سیاسییەکان بۆ ململانێی ناشەرعی و شوێنی گەندەلان و پێویستی مانەوەیان پتەوتر و قایمتر دەبێت.

- ئەوانەی کە لە ناو لایەنێکی سیاسیدا سەر بە کوتلەیەکی دیاریکراون و کەسانی نێو ئەو کوتلەیە خۆیان ناتوانن بە ئاشکرا باسی ئەو کەسە یان کەسانە بکەن، بەهۆی ئەوەوە کە خۆیان لەوە گەندەڵ ترن و ئەو کەسە یان کەسانە پێدەچێت نهێنی قورسیان لەلابێت و ئەمان لەوە بترسن ئاشکرایان بکەن، ئەمانە وەک توتی بەکار دەهێنن بۆ دەربڕینی داخی نێو دڵیان و لاوازکردنی پایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لایەنی بەرانبەر. ئەم جۆرە ڕەخنەیەش لە گەندەڵی ، ئەگەرچی بەزۆری ڕاستن، هەمدیس شوێنی گەندەڵان قایمتر دەکات و وەک کورد دەڵێت قەلێک بە قەلێکی ووت ڕووت ڕەش بێت.
- ئەوانەی کە پێشمەرگەی دێرین، زیندانی سیاسی، خێزان و کەسوکاری شەهیدان و بنەماڵەی ئەنفال و کیمابارانکراوانن... هتد ئەمانەش کە دەبینن کەسانی دیکە بەناوی ئەوانەوە بەرزدەبێتەوە یان بازرگانی بە خوێنی ئەوانەوە دەکات یان کەسێکی دیکە دەبێتە لێپرسراوو کاربەدەست و فیرعەون و ئەمانیش کەنارخراون و کەس لێیان ناپرسێت زۆر بە گەندەڵی قارس و بێتاقەت دەبن و زۆرجار ڕەخنەی توند دەگرن. ئەمانە زۆربەی جار نهێنی گەورەیان لەلایەو گەندەڵی گەورە ئاشکرا دەکەن بەڵام زۆر جاریش بە پارچە زەوییەک، بە بڕە پارەیەک، بە پێداهەڵنان و ستایش کردنێکی درۆ یان هەر بە بۆرە پەیمانێکی درۆ کپ دەبنەوەو زۆرجاریش بۆ بەدبەختی کورد ئەمانیش دوایی دەچنە ڕیزی هەرە گەندەڵە گەورەکانەوە.
- ئەمانە زۆرچاک ئاگاداری هەموو گەندەڵییەکانن و پێیشیان ناخۆشە بەڵام چونکە خۆیان لەو پارت و لایەنە سیاسیانەدا کاردەکەن، ئاشکراکردنی ئەو گەندەڵییانە پێدەچێت مەترسی جیدی لەسەر ژیانیان دروست بکات و ماڵ و حاڵ و گوزەرانیان لێتێکبدات بەڵام بە خۆشحاڵییەوە بەرەو پیری هەر پرۆسەیەکی چاکسازی ڕاستەقینە دەچن و بە ڕەخنەی کەسانی دیکەش لە دەسەلات خۆشحاڵ دەبن. ئەمانە دەکرێت ڕۆڵی بەرچاو بگێڕن ئەگەر زەمانەتی تەواو هەبێت بۆ ژیانیان و یاسا سەروەربێت بە کردار نەک هەر بە گوفتار.
- ئەوانەی کە ساڵانێکە لە دەرەوەی وڵات دەژین و ڕۆشنبیرییەکی باشیان بەدەست هێناوەو خەڵکیان بینیوەو سیستمی سیاسی و ئابوری وڵاتانی پێشکەوتویان بینیوە، یان لەناوەوەی وڵاتن و بەردەوام بەدوای هەواڵ و گۆڕانکارییەکانی جیهاندا دەچن و پێیان ناخۆشە گەلەکەیان بەو جۆرە ببینن. ئەمانە بەزۆری خاوەن بڕوانامەو

پرۆفیشناڵن و پسپۆڕ و کارامەی هەموو بوارەکانی ژیان و دەوڵەت و کۆمەڵگایان تێدایە. ئەم چینە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە کەنارخراون و خۆیشیان لەلایان نەنگییە ببنە بەشێک لەو گەندەڵییە، بەڵام دەکرێت ڕۆڵێکی بەرچاوو پۆزەتیفانە بگێڕن لە پرۆسەی ڕێکخستنی دەوڵەت و کاروبارە کارگێڕییەکاندا، ئەگەر بواری گونجاویان بۆ بڕەخسێت. ئەمانە بەزۆری ڕەخنەکانیان بابەتیانەیەو بەرژەوەندی خەڵک و کورد دەخەنە پێش هەر بەرژەوەندییەکی دیکەوە. ئەمانە زۆربەیان هەر گوێیان لێناگیرێت و هەندێکیشیان لەلایەن یەکێک لە پارتە سیاسییەکانەوە دەقۆزرێنەوە و دەکرێنە پینەیەک لە پۆشاکی گەندەڵیدا. ئەمانە ئەگەر گوێیان لێبگیرێت پێدەچێت زۆرجار بەرنامەی پتەوی سیاسی و کارگێڕی و ئابوریيان پێبێت و بتوانن ڕۆڵی بەرچاو بگێڕن لە بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵیدا. بەڵام هەمیشە دەبێت ئەوەیان لەبیر بێت کە: ئەوانەی کە لە دژی دڕندەکان دەجەنگن دەبێت زۆر وریا بن کە خۆیشیان نەبن بە دڕندە. (Lou Marinoff, The Big Questions)

پێویستە ئەوەش بوترێت کە ئەم لیستانە تەواوو کۆتایی و ڕەها (موتڵەق) نین و دەکرێت زیاتر وورد بکرێنەوەو پەرچڤەو شیکار بکرێن و ئەو کەسانەش کە بەو جۆرە پۆلێن کراون هەمدیس هەر ڕەها نین و دەکرێت کەسێک لەیەک کاتدا چەند گروپێک بیگرێتەوە یان لەم گروپەوە بازبدات بۆ گروپەکەی دیکەو بە پێچەوانەشەوە.

لەڕاستیدا گەندەڵی نیشانەی هەڵوەشاندن و نەمانی متمانەی خەڵکە بە دەسەڵات و دەوڵەت، یان هەر خۆی لەخۆیدا لەبەریەک هەڵوەشانی دەسەلات و دەوڵەت و داوودەزگاکانی دەگرێتەوە. کاتێک دەوڵەتیک، پارتێک یان لایەنێکی سیاسی گەندەڵی لەنێویدا گەیشتە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە نەتوانێت بەری لێبگرێت، ئیتر ئەوە نیشانەی داڕزان و گەندەڵ بوونی ئەو دەسەڵاتەیەو دەبێت بە زووترین کات بکەونە خۆ چونکە لەسەر دووڕیانێکی گەورە بەلەقی ڕاوەستاون:

- چاکسازییەکی بنەڕەتی و ڕیشەیی بەرپابکات کە بە تەواوی گەندەڵییەکان لە ڕیشەوە هەڵبکەنێت نەک یەک بەیەک گەندەڵکارەکان خۆیان بێنە سەر تەلەفیزیۆن و پەیمان بدەن کە سەروپۆتەڵاکی ئەوانەی خوار خۆیان بەبیانوی گەندەڵییەوە بکوتنەوە.
- بەتەواوی لەبەر یەک هەڵبوەشێنەوەو جێگا چۆڵ بکەن بۆ لایەنی دیکە کە سەرهەڵبدەن و جێگایان بگرنەوە. ئەوەش بانگەشە نییە بۆ ڕاپەڕین و ئاژاوە (تکایە منالّمان وورده!) بەڵکو حوکمی مێژووە.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە تاوانی گەندەڵی لە گۆشەنیگای کریمینۆلۆژییەوە جیاوازییەکی سەرەکی هەیە لەگەڵ تاوانە نەریتییەکانی دیکەدا ئەویش ئەوەیە کە ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە ئەوەندەی تاوانە نەریتییەکان هەست بە تاوانباری و ئازاری ویژدان ناکەن، لەبەر ئەو هۆیانەی لای خوارەوە:

- ئەو کەسە بە ئاسایی و نۆرماڵی دەزانێت بۆ ئەو پیشە یان پۆستەو ئەڵێت؛ هەموو کەس دەیکات بۆ من نەیکەم! یان منیش نەیکەم یەکێکی دیکە دەیکات، یان کە سەرو خۆم بیکات بۆ من لە خوارەوە نەیکەم.
- وا هەست دەکات کە ئەو تاوانبار نییەو تەنها فەرمانی کەسانی سەرو خۆی جێبەجێ دەکات؛ ئەمە لەکاتێکدا کە بەشێوەیەکی سەرەکی ئەو کارە بۆ بەرژەوەندی حیزب یان کوتلەیەکی دیاریکراوی ناو حیزب ئەنجام بدات. ئەم جۆرە هەستە بنەمایەکی سایکۆ-کریمینۆلۆژی هەیەو هێتلەرو سەدام و گەورە دیکتاتۆرەکان کەڵکیان لێوەرگرتووە بۆ کپ کردنی هەست بە ئازاری ویژدان کردن Guilty conscience لەنێو دەست و پێوەندو سەرکردەکانیاندا.
- وا هەست دەکات کە تاوان تەنها ئەوەیە کە ماڵ و موڵکی تایبەتی کەسانی دیکە بدزیت و پێدەچێت ماڵ و موڵکی گشتی بە بەلاش بزانێت یان بەشەرعی بزانێت خۆی بۆ خۆی زەوت بکات؛ ئەم جۆرە هەستە بەداخەوە لە کولتوورە خۆرهەڵاتییەکاندا زیاتر برەوی هەیە.
- پێدەچێت بڵێت من گەندەڵی پیادە بکەم یان نەیکەم خەڵکی هەر بەوەم دەزانن، جا کەواتە بۆ نەیکەم، ئەمەش لە کریمینۆلۆژیدا بە پێوەنانی مۆرکی تاوانباری بۆ تاکەکەسەکان ناسراوە Labeling Theory .
- وا هەست دەکات کە بەو کارە زیاتر دەبێتە جێگای رێزو پایە لەنێو گروپ، کوتلە یان حیزبەکەیدا و بەبێ ئەوە نامۆو گۆشەگیر دەبێت یان ناچالاک و سست دیار دەبێت لەنێو کۆمەڵێکدا کە هەموو خەریکی ئەو کارەن.

زاڵ بوون بەسەر ئەو لەمپەرانەدا هەروا کارێکی ئاسان نییەو کات و هەوڵ و خەباتی دەوێت بە نیشاندانی نمونەی بەرز و پاک لە پۆستە هەرە بەرزەکانەوە بیگرە تا خوارەوە و بە ئاشکراکردن و حەیابردن و ناوهێنانی زیاتری گەندەڵکاران و سزادانیان لە دادگای ئاشکراو بێلایەندا؛ تا هەم خۆیان و هەم خەڵک بە چاوی خۆیان ببینن کە ئەوەی دەیکەن تاوانە نەک خەبات.

عەتای مەلا کەریم بەریتانیا
خوێندکاری BA (Hons) Criminology